# وتووێژ لەگەڵ

## شاعیر

# عەلی پێنجوێنی



هەرچی مرۆڤە باس لە جوانی و ڕۆشنایی دەكات،
كەچی لەم مێژوودا جگە لە خوێن،
برین و تەنهایی هیچ شتێك بەرهەم نەهاتووە

باران

سازدانی: بەرزان عەلی مەجید

نوسەرێك دەیەوێت بۆ هەمیشە لەنێو ئازارەکانی نوسین و ئەدەبدا بژی، ئەو دەیەوێت قسەی دڵی لەنێو ئەدەبدا بنوسێت، ئەو ئەوەندە پڕە، جگە لە شیعر و چیرۆك و رۆمان هیچ شتێکی تر ناتوانێ لە ڕۆحی تێبگات، نوسەرێك بە تەنهایی هەڵدێت و بە تەنهایش دەیەوێت شەڕی ژیان بکات، ئەو هێندە باوەڕی بە خۆیەتی، کە ترسی لە هیچ شتی نییە.. تەنانەت مەرگیش بەجوانی دەبینێت، ئیدی ئەو دەیەوێت نوسین بکاتە ژیانی خۆی تا ئازارەکانی دڵی بنوسێتەوە، جۆرێکی تر ژیان هەڵدەبژێرێت، بەتەنهایی دەیەوێت وەك موسافیرێك سەفەربکات و کوچە بە کوچەی شاری ئەدەب بگەڕێت، ئیدی وەك مەسیح خۆی لە خاچ ئەداو ئازارەکانیش دەخاتە نێو دڵیەوە .

ئەو هاوڕێی هەمیشەی وشەیە، چونکە تەنها وشەکان دەتوانن هاوڕێ بێت و لە ئازارەکانی بگات و راستگۆیانە دەردەدڵی بۆ بکات، ئەو دڵێکی هەیە پڕە لە مرۆڤدۆستی، ئەو بەردەوام بەشوێن ئازارێکدا دەگەڕێت، کە تەنها لەنێو پانتایی ئەدەبدا ئەیدۆزێتەوە کە سەیری دەکەیت، ئەوەندە بێدەنگە هەستدەکەیت لە ناخیدا هاوارێکی زۆر گەورەیە، و تەنها ئەدەب لەو هاوارە دەگات.

ئەو دەیەوێت شیعر پڕبکات لە پرسیار و خەونەکانی لەنێو وشەدا ڕوماڵبکات، ئەو ساتانەش رۆمان دەنوسێت، بە تەنهایی لەنێو خەیاڵا و نوسیندا دەژی، بەتەنهایی سەفەردەکاو بە تەنهایی لەگەڵ چیرۆك دەدوێت ، ئەو خۆی لە تێکستێکی پڕ لە گلەیی دەچێت، تێکستێك کە پڕە لە دڵشکانەکانی ژیان.



*** دەمەوێت سەرەتا بەو پرسیارە دەستپێبکەم تۆ بۆچی دەنوسیت؟**

-لە ڕاستیدا باشتر ئەوە بوو نەم نوسیایە، ئەمە زۆر زۆر گرنگە، بەڵام ئەوەی ئەنوسین بۆ ئەنوسین؟ من بۆ خۆم بڕواموایە نوسین بەرهەمی دڵشکاندنێکی قووڵ و دورودرێژە، کەتانوپۆیی تەمەنی مرۆڤ ئەچنێ وپێکیدەهێنێ، واتە بەبێ دڵشکان ئیمکان نییە بتوانی جوان بنوسیت، بەڵام دڵشکان فۆڕمێکی سادەگۆییانەی هەیە و دڵشکانێکیش هەیە، لە قووڵاییدا برینێك هەیەو بەردەوام خوێنی لێ دەچۆڕێت، من بڕوامواية نوسین و ئەدەب ئیشی تەرجەمەکردنی دڵۆپە دڵۆپی ئەو خوێنەیە، کە لە دڵشکاندندا داویەتی، واتە دڵشکانێکی ڕاگوزەر هەیە هەمووما‌ن پیایدا تێئەپەڕین، ئەم دڵشکانە ڕاگوزرە وەك حاڵەتێکی فەسلەجی مرۆڤ هەموومان بەشێکین لەوە، بەڵام دڵشکانی قووڵ هەیە، کە نە قابیلی بیرچونەوەیە، نە قابیلی ئەوەیە ئەم دڵۆپە خوێنانە بوەستێت، من بڕوامواية نوسین خەریکی تەرجەمەکردنی وەرگێڕانی ئەو دڵۆپە خوێنانەیە، کە لەو دڵشکانانە ئەتکێ و دەچۆڕێت و دێتە خوارەوە، بۆیە ئێمەی ڕۆژهەڵاتی هەر خۆمان بەرهەمی دڵشکانین ،واتە لە دایکبوونی خۆمان لەدایك و باوکێکی غەمگین ئەکەوینە خوارەوە، کەواتە ئێمە بەرهەمی دڵشکانین، بەڵام نوسین قسەکردنە بە زمانێکی باڵا، ئەم زمانە باڵایە خەریکی تەرجەمەکردنی ئەو دڵشکاندنەیە، کە هەم ئێمەی تیا لە دایکبووین هەم ئێمەی تیا گەورە دەبین و هەم تیایشیدا دەمرین .

کورتی بکەمەوە نوسین بەرهەمی دڵشکاندنە، منیش وەك مرۆڤێکی دڵشکاو حەزم بەوەکرد خەریکی نوسینەوەی دڵشکانەکانی خۆم بم.

***کەواتە تۆخەریکی نوسینەوەی دڵشکانەکانی خۆت و ئەزموونی ژیانی خۆتیت، بەڵام لەهەمانکاتدا دەتەوێت خۆت تێپەڕێنی بۆ کۆمەڵگە بنوسیت، یاخود گەردونیانە دەنووسیت؟**

-لەڕاستیدا هەموو نوسینێکی جدیی جوان سەرەتا لە کۆڵانە تاریکەکانی ڕۆحی خۆتەوە دێتەدەرەوە، بەڵام لە ناودڵتدا پێ ئەگرێ و لە ناو کتێبەکانی دونیا ئەکەوێتە سەر پێ و بەپێی خۆی ئەڕوات بەناو کتێبە جوانەکانی دونیا سەفەردەکات لەو سەرەوە بەنوسینی جوانەوە دێتەدەرەوە .

*** زۆر کەس حەزدەکەن ببن بەنوسەر. من دەمەوێت ئەو پرسیارە بکەم چۆن بویت بە نوسەرو لەناو نوسیندا ئەدەبت هەڵبژارد؟**

-خۆزگە کەس خۆزگەی نەخواستایە ببێ بەنوسەر! نوسین بینینی برینەکانە، کە لەسەر ئێسك نوسین ببینن، ئەو ئاگرەیە کە لەناو ئێسکدا پرژە دەکا نێڵە دەدات و دێنە دەرەوە، من پێم سەیرە مرۆڤ هەبێ حەزی لەوە بێت گریان لەناو چاویدا هەڵبقوڵێ بێتەدەرەوە، من بڕوامواية نوسین ئەم برینە قووڵانەیە، ئەم ئازارەیە کە هەمیشە لەگەڵتدا دەژین، واتە بەدبەختییە تۆ هەست بەم هەموو ئازارانە بکەیت، بۆیە چرکەساتی نوسەری ڕاستەقینە ئەو چرکەساتەیە، کە بەڕاستی هەست بە ئازار دەکەیت، بەڕاستی لەناو ئازارەکاندا ئەسوتێیت، بۆیە من بۆ خۆم هەرگیز تەمەننام نەکردووە نوسەر بم، هەرگیز حەزم نەکردووە نوسەر بم.

***بەڵام پێت نەوتم بۆچی لەناو ئەدەبدا خۆت دۆزییەوە؟**

- بۆچی لەبەرئەوەی دەبێ بگەڕێمەوە سەر پرسیاری یەکەم.. لەو دڵشکاندنە ئەزەلیەوە دێت، کە وتم ئێمە بەرهەمی دایك و باوکێکی غەمگینین، بەرهەمی کۆمەڵگەیەکی غەمگین، بەرهەمی نەتەوەیەکی غەمگین، دواجار ئەم هەموو غەمگینییە لەناو تۆدا گینگڵ ئەدا، تۆش ناچاری بە دوای دەرفەتێکدا بگەڕێت.

کەسێك لە ناو شیعردا مانیڤێستی خۆی دەکا، کەسێکی تر لە ناو سەفەرا دەیکات، کەسێکی تر تەنها بەگریان دەریدەبڕیت، خۆ دایکی منیش بەقەدەر من غەمبارە، بەس دایکی من زمانی نە پژاوە، ئەو لەڕیی فرمێسکەوە ئەیڕژێت، من لەڕی نوسینەوە ئەڕژێم کاتێك کە زمان ناپژێ ئەم گریانە، ئەم ئازارە، ئەم دڵشکانە، ئەم غەمگینییە، لە شوێنکی ترەوە ئەبێ بڕژێت، واتە دواجار ئەبێت بڕژێت! بەڵام بۆ دایکمان لەڕێی گریانێکی ڕاستەقینەوە ئەڕژیت، بۆ باوکمان لەڕێی بێدەنگییەکی قووڵەوە ئەڕژیت، تاقییامەت بێدەنگ ئەبێت بۆ نوسەرێك لەڕێی پژاندنی زمانییەوە دەرئەکەوێت، واتە هەرکەسێك بە جۆرێك لە جۆرەکان ئەیەوێت بڕژێت ئەم ئازار و مەحنەتەش دیوی نەرێنی هەیە و دیوی ئەرێنی هەیە زۆرجار بە توندوتیژی دەریبڕێت، من پێموایە ئەو توندوتیژییە زۆرەی ئەمڕۆ ڕۆژهەڵاتی گرتۆتەوە بەرئەنجامی دڵشکانێکی قووڵە، بەس ئەم دڵشکاندنە لەڕێی کوشت و کوشتارەوە

دووباره تەرجومە دەبێتەوە، بەڵام بۆ مرۆڤێك لە ڕێی ئەدەبەوە تەرجومە دەكرێن، بۆیە من تەمەننادەكەم ئەو ئازارانەی وا لەناوماندا لە ڕێی دێڕە باڵاكانەوە، لەڕێی زمانێكی باڵاوە هەوڵبدەین برژێن، نەك لەڕێی گوللەی باڵاوە برژێن.


*** نوسەرەكانیش وەك خوێنەر پێویستیان بە خوێندنەوە هەیە، تۆ چی دەخوێنیتەوە و زیاتر بەكام نوسەر سەرسامیت، كە هەست بكات خۆی لەنێو نوسینەكانی ئەواندا دەدۆزیتەوە؟**

- من ئەوەندەی فریا بكەوم، حەزدەكەم هەر جوانییەك لەو دونیایەدا بریسكەی هەبێت، من بەری بكەوم، هەر كتێبێكی جوان لەو دونیایەدا دەربچێت حەزدەكەم پێیبگەم و بخوێنمەوە، بەڵام ئەمە خۆزگەیە.. من نەمتوانیوە ئەوە بكەم، بەڵام هەمیشە بۆ خۆم حەزم لەو جادوییە هەیە، كە لە ناو چیرۆكەكانی ئەمریكای لاتینەوە دێنەدەرەوە، حەزم لەو زمانە فەلسەفە هەیە لە ڕۆژئاوا بە تایبەتی لە ئەڵمانیا و لە یۆنان دێنە دەرەوە، دونیا كۆنترۆڵدەكەن. حەزم لەو زمانە ڕون و ناسك و ئاوییە هەیە، كە لە نزیك خۆمان لە ئەدەبێكی نزیك جوانی خۆمان كە ناوی ئەدەبی فارسییە، حەزدەكەم بەو تاڤگەیەش تەڕببم. هەمیشە من موتوربەی ئەم شتانەم كردووە سیحر و جادووەكانی ئەمریكای لاتین فكر و فەلسەفەی ڕۆژئاوا، جوانییە شاراوە عیرفانییەكانی ئێران و هندستان و ئەو وڵاتانەی نزیك خۆمان، هەموو ئەمانە موتوربە ئەبن لەمنەوە ڕەنگە سكونەتێكی ڕۆحیم بۆ بێنن، لانیكەم ئەگەر نەشتوانم بنوسم حەزم بەوە هەیە.. من بۆرخیس ئەخوێنمەوە یان پاولۆكۆیلۆ ئەخوێنمەوە، حەزیشم لەگریدا هەیە، حەزیشم لە سوهراب هەیە، هەموو ئەمانە لای من بوونیان هەیە.

من پێموایە جوانییەك نییە دژ بە جوانییەكی تر بێت! لەم دونیایەدا لەم پەڕی دونیا تا ئەوپەڕی دونیا، جوانییەكان ئاوێزانی یەكتری دەبن و من لە دێڕێكی شیعری خۆمدا دەڵێم:

ئەگەر ئەخلاقمان هەبێت جوانی بەشی هەموومان دەكات.

من پێموایە دونیا پڕپڕە لە جوانی، گەر بمانەوێت جوانییەكان موتوربەبكەین، ئینجا مەرج نییە سەفەركردن بۆ ناو جوانییەكانی دونیا بۆ ئەوەبێت بنوسیت،



**ئێمە بەرهەمی دایك و باوكێكی غەمگینین، بەرهەمی كۆمەڵگەو نەتەوەیەكی غەمگین، دواجار ئەم هەموو غەمگینیە لەناو تۆدا گینگڵ ئەدا تۆش ناچاری بە دوای دەرفەتێكدا بگەڕێت**



دیدار

**فەلسەفە دەست بردنە بۆ ئەو شوێنانەی کە خەڵکی ئاسایی درکی پێ ناکات، شیعر دەست بردنە بۆ ئەو بڤە و حەرامانەی کە خەڵك ناوێرێت توخنی بکەوێت، فروغی فروغ زاد یەکێکە لەو شاعیرانەی کە سەیر عاشقی تاریکی یە**



نوسین بۆ خۆی بەڵایەکە واز لەمەیان بێنە! بەڵام سەفەرکردن بۆناو جوانییەکانی دونیا وات لێدەکات، ئاگات لە دەرگای ژورەکەت بێت و بەتوندی داینەخەیت، ئاگات لە پاوانەی قاچی منداڵەکەت بێت وننەبێت، ئاگات لە ئاوابونی زەردەپەڕێك بێت، تۆ شاهید بیت کە خۆرئاوا دەبێت، لەم وڵاتەدا چەند کەسمان ئاگای لە ئاوابونی خۆرە ماوە؟ چەند کەس بەدیار ئاوابوونی خۆرەوە دادەنشێت؟ ئێ ئەمە سەفەرکردنە بەناوکتێبەکانی دونیا، فێرت ئەکا ئاگات لە ئاوابونی خۆر بێت، ئەمە بۆ ئەوەنییە تۆ بنوسی، ئەمە بۆ ئەوەیە تۆ ببی بە مرۆڤ، چونکە وەزیفەی مرۆڤ لە ئێستا خەریکە ئەو فۆڕمە وەردەگرێت کە تەنیا بخوات و بخواتەوە، مرۆڤبون سەفەرکردنە بەناو جوانییەکانی دونیادا و ئەگەر ئەم کتێبانە وامانلێبکات، ئێمە ئەم جوانییانە ببینین، کەواتە شتێکی باشمان کردووە، هەر بەهانەی خوێندنەوەی من بۆ کتێبەکانی دونیا ئەمەیە.

*** تۆ زیاتر خەریکی ئیشکردنیت لەسەر نوسینەکانی دەرەوەی کوردستان، ئەوەی بۆمن سەیربوو، هیچ نوسەرێك، یان شاعیرێك، یان ڕۆمان نوسێکم بەرگوێنەکەوت. ئایا بەڕاست ئێمە لەم جۆرە نوسەرانەمان نییە، یاخود هەمانەو تۆ نایان خوێنیتەوەو لێیاننیگەرانی، یان بەرهەمەکانیان لەو ئاستەدا نابینی کە بیانخوێنیتەوە؟**

- ئێمە کۆمەڵگەیەکی لێکترازاومان هەیە، کۆمەڵگایەکی شپرزەمان هەیە، شپرزە لەڕوی دەرونی، ئابوری و سیاسی و فکری و کۆمەڵایەتی، فەلسەفی و بنیادی کۆمەڵگەکەمان شپزەبووە، بۆیە پێم سەیر نابێت، ئەگەر بڵێم لەڕوی نوسینیشەوە ئێمە کۆمەڵگایەکی شپرزەین، بەڵام ئەمە بەو مانایە نییە کە من ئاگام لە نوسینی کوردی نییە یان حەزم بەخوێندنەوەی کتێبی کوردی نییە من ئێستاش بەقەدەر فاوستی گۆتە، کە یەکێکە لەو شاکارەجوانانەی کە ئێستاش دەیخوێنمەوە، بەقەدەر گۆتە من مەحوی لەژور سەرەکەما دادەنێم، یانی بەبێ خوێندنەوەی شیعری کلاسیکی کوردی تۆ ناتوانی جوانییەکانی دونیای خۆمان بینی، چونکە دونیای ئێمە بە هەموو ئەو شپرزەیانەی کە هەمانە هێشتا ئێمە یەك کۆمەڵ جوانی مان هەیە کە

ئێمە هەمیشە قەرزاری شیعری کلاسیکی کوردین، ڕابردووی ئێمەیە بۆ جوانی نوسین، ئەبێ بەشیعر دەستپێبکات و شیعری ئێمە بەبێ مەحوی و نالی ناتوانین بەبێ مەستورەی ئەردەڵانی و حاجی قادری کۆیی و بەبێ گۆران و بەبێ بەختیار عەلی ،ئێمە باس لە جوانی دونیایی خۆمان بکەین ، هەموو ئەمانە هەیە، بەڵام شپرزەیی دونیای ئێمە وایکردووە پێموایە ئەبێ سەفەرە قووڵەکانی دونیا بکەین بە ناو جوانی کتێبدا، بۆئەوەی مرواریە بچوکەکانی ناو دونیای خۆمان بیرنەچێت، واتە بەبێ سەفەرکردن بەو دونیایە، ناتوانی بەرپێی خۆت بینی، لەبەرئەوە بێ خوێندنەوە ناتوانی دونیا ببینی، من بڕوامویە ئەبێ لەسەفەری قووڵی دونیاوە بگەڕێتەوە وەك كتێب ئەڵێم، ئینجا کتێبە جوانەکانی خۆمان ببینن، ئێمە ئەدەبی کلاسیك شیعری جوانمان هەیە نوسەری جدی مان هەیە، نوسەری ماندومان هەیە، نوسەرانێك كە بەبڕوای من هەیانە ئەبێ لە ئاستی دونیادا پێیبڵێیت نوسەر. بۆ نمونە شێرکۆ بێکەس پێموایە شێرکۆ شاعیرێکە لە ئاستی دونیادا دەبێ پێیبڵێ شاعیر. ئەم قسەیە لە ئێستادا قورسە بەس بۆ ئایندە ئەمە دەسەلمێنرێت.

*** تۆ هەم شیعر دەنوسیت هەم ڕۆمان پرسیارەکەی من ئەوەیە ئەوەی لەناو شیعردا بۆت ناوترێت چۆن لە ڕۆماندا دەیڵێیت بە پێچەوانەوە؟**

-وەك پێموتی من لە ناو شیعردا، هەمیشە حەزم لە گێڕانەوەی حیکایەتێك هەیە و لە ناو چیرۆکدا حەزم لە شیعریەت هەیە. بۆ نمونە من دەقێکم هەیە بۆ منالەکەم حیکایەتی خۆم و منالەکەم دەگێڕمەوە، کەچی لە ناو رۆماندا من کارەکتەری مەهروبی مردوشۆر زۆر لەگەڵیدا ژیاوم چۆن جەنازەی خەیاڵ ئەشۆم، ئەوە یەکێکە لەو کێشانەی کە وشە دەرەقەتی نایەت، نوسین سەرپێ دەرەقەتی ئەم شتانەنایەت، بەڵام من لەگەڵ کچەکەمدا، حەزم لە قژیەتی حەزم لە پەنجەکانییەتی حەزم لە هەندێ خەونییەتی، بۆیە بڕوامایە وەك وتم قسەکردن لەسەر شیعر دیزاینی رۆحە، تۆ خۆت لە ئاپارتماندا کارتکردووە هیلاك بویت، بەڵام کاتێك ئەڕۆیتە ناو ئەو ئاپارتمانە چل تەبەقەیەوە، یان ئەبێ دەلیلت لەگەڵ بێت، یان زۆر عاقڵ بیت کە چۆن دەڕۆیت، چۆن یەیتە دەرەوە من پێموایە رۆمان ئیشی ئەو قەمچوپێچەیە.

*** تاریکی پانتاییەکی گەورەیە لە نێو نوسینەکانی تۆدا دەکرێت پێم بڵێیت بۆچی لەڕوناکی هەڵدێیت و پەنا بۆ تاریکی دەبەیت؟**

-بەدرێژایی مێژوو، هەرچی مرۆڤە باس لە جوانی و ڕۆشنایی دەکات، کەچی لەم مێژوەدا جگە لە خوێن، برین و تەنهایی هیچ شتێك بەرهەم نەهاتووە، واتە ئەوەی ئێمە بەدوایدا ڕادەکەین ڕۆشنایە و ڕۆشنایمان بینی، هەمووی خوێن و برین و تەنهایی بەرهەمهێنا، بۆیە من بڕوامایە دیوێکی تری تاریکی هەیە زۆر جوانە، ئەگەر چاوی رۆمان، چاوی شیعر، ئەو چاوەیە کە ئەیەوێ لە قووڵاییدا دیوە شاراوەکانی تاریکی ببینی، کە تاریکی جۆرێك لە جلەوە و دەرکەوتن و نور و ڕۆشنایی تیایەو چاوی ئاسای هێزی بینینی نییە، بەواتایەکی تر بینینی ئەو نورەی لەناو تاریکیەوە هەڵدەستێ، بینینی ئەو جوانییە لە قووڵایی تاریکیدا خۆی مەڵاس داوەو چاوی ئاسایی ناتوانێ ببینێ، ئەی کام چاو ئەیبینێ؟ ئەو چاوە ئەیبینێ کە ئەتوانێت زمانێکی باڵای ئەدەبی فێربووبێت و زمانی پڕابێت بۆئەوەی جوانییەکان ببینێ.

ئالێرەوە من بڕوامایە دەستبردن بۆ تاریکی، دەست بردننییە بۆ فۆڕمی تاریکی، دەستبردنە بۆ قووڵاییەکانی تاریکی بۆ ئەو قووڵاییانەی کە پڕپڕن لە پرسیار، تاریکی پڕە لە پرسیار بەبێ پرسیارکردن تۆ ڕۆشنایت بۆ نادۆزرێتەوە ڕۆشنایی پڕە لە وەڵام، لەناو وەڵامدا جوانی نادۆزرێتەوە ئەمە جیاوازییەکەیە، من بڕوامایە ئەبێ لەناو پرسیاردا بەدوایی جوانیدا بگەڕێن، لەناو وەڵامدا جوانیت بۆ نادۆزرێتەوە، لەناو ڕۆشنایا هەموو شتێك ڕوونە هەمو شتێك وەڵامە، واتە هەموو شتێك دیارە، لەناو تاریکیدا هیچ شتێك دیار نییە، پڕ پڕە لە پرسیار، ئەوە پرسیارە جوانی بەرهەمدێنێ، ئەدەب ئیشی ئەوەیە پرسیاربکات ئەم پرسیارە لەناو تاریکیدا ئەکرێت، چونکە لە قووڵاییەکانی تاریکیدا نورێك هەیە، چاوی ئاسایی نایبینێ، من پێموایە نوسەری جیدی ئەبێ بەدوای ئەم نورەدا بگەڕێت بەدوایی ئەم ڕۆشناییەدا بگەڕێت، کە لەناو تاریکیدا هەیە لەم گۆشە نیگایەوە تاریکی زۆرترین پانتایی لەناو نوسینی مندا داگیرکردووە.

